**بۆ ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی رۆژهەڵات**

بەڕێزان، وێڕای ڕێز و سلاو و هاودەردی و هاوخەمی بۆ شەهیدانی کۆیە و قارەمانە لە سێدارە دراوەکانی رۆژی شەممۆی خوێناوی کە دەسپێکی فازی تازەی تاوان و جەنایەتی کۆماری ئیسلامی و دەست و پێوەندەکانیان لە باشوری کوردستان ، وەک تاکێکی دڵسۆز چەند خاڵی خوارەوەتان پێ پێشنیار دەکەم.

یەک: بە خێڕایی کۆمیتەیەکی هاوکاریی بۆ بەربەرەکانی لە کاتی قەیراندا لە ئاستی ئورۆپا لە نوینەرانی هەموو حیزبە کوردیەکان، بە پڕاکیشەوە و چەند کەسی بێلایەن و خەباتکار پێک بێنن،

دوو: ئەو کۆمیتەیە بەیەکەوە هەموو خۆپێشاندانەکان و چالاکیەکانی کوردی رۆژهەڵات لەدەرەوەی وڵات ئۆرگانیزە بکا،

سێ: ئەو کۆمیتە دەست بکا بە چالاکی دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا بۆ تاوانبار کردنی ئێران بە تیرۆریزمی دەوڵەتی و بەکار هێنانی موشەکی بالستیک بۆ کاری تیروریستی.

چوار: ئەو کۆمیتەیە دەست و پێوەندەکانی کۆماری ئیسلامی بە فاکت و سەرچاوە لە قاو دا و داوا لە کوردەکانی باشور بە گشتی بکا کە لە دژیان وەخۆ کەون.

پینج: ئەو کۆمیتەیە ئیمکانەکانی هێنانە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی حیزبە سیاسیەکان و کۆبوونەوەکانیان لە ئۆروپا بخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

شەش< ئەو کۆمیتەیە تاوتوێی پێکهاتنی بەرەیەکی یەکگرتووی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە و کەسایەتیەکانی سەربەخۆ بکا.

ئێتر سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم.

حەسەن ماوەرانی ۱۲.۰۹.۲۰۱۸